# ئینتەرنێتی بێ تەل

ژالە سەیفەدین



ئینتەرنێتی بێتەل یاخود (تۆڕی زانیاری بێتەل) یەکێکە لە گەورەترین پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن. کە دەتوانرێت بە هۆیەوە بگەین بە تۆڕی ئینتەرنێت و هەموو خزمەتگوزاریەکانی تایبەت بەم بوارە لە ڕێگەی ئامێری مۆبایل وکۆمپیوتەری گەڕۆک ( Lap Top..)

بۆ گەیشتن و پێشکەوتنی ئەم تەکنەلۆژیایە ملیۆنەها کۆمپانیای جیهانی تایبەت بەم بوارە لە هەوڵ و تەقەلا بوون و سامانەکانیان بۆ گەشیتن بەم بوارە خستە کار تاوەکو بگەن بەم خەونەی کە لە زووەوە لەهەوڵی بەدیهاتنی بوون، بە شێوەیەک ئێستا بەکارهێنەرانی مۆبایل و تۆڕی ئینتەرنێت لە زیادبوونی بەردەوام دایە لە سەرانسەری جیهاندا. وە دەبینین لە وولاتە پێشکەوتووەکاندا بەکارهێنەرانی مۆبایل دەتوانن لە ڕێگەی ئامێری مۆبایلەکانیان کاروباری پێدانی پارەی پسووڵە و هەروەها راپۆرتی زانیاری لەڕێگەی مۆبایلەکانیان وەربگرن لە بارەی باری کەش و هەوا و باری قەرەباڵغی شەقامەکان و زۆر شتی تر لەو خزمەتگوزاریانە کە زۆربەی زۆری کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ئامێری مۆبایل چەندین جۆری ئەم ئامێرانەیان دروستکردووە تا بتوانرێت بە هۆیەوە خزمەتگوزاری تۆڕی ئینتەرنێت کاری پێبکەین وە هەروەها بەرهەم هێنانی ئامێری کۆمپیوتەری گەڕۆکی وا کە بە هۆی

هەواییەکی پێوە لکێنراو پێیەوە دەتوانرێت پەیوەندی بە تۆری ئینتەرنێتەوە بکرێت، بەڵام ئەوەش بەم سانایییە نیە لە رووی خێرایی گواستنەوەی زانیاری لە تۆرەکەوە بۆ ئامێرەکە بە شێوەیەکی بێتەل بە جۆرێک کە خێرایی گواستنەوەکەی (١٠) کیلۆ بت لە یەک چرکەدا وەیان بڵێین پێنج هێندەی خێرایی گواستنەوەی زانیاریە بە رێگەی هێڵەکانی تەلەفۆن یاخود مۆدێوم.

پێشکەوتنی ئینتەرنێتی بێتەل چارەسەری زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی کرد کە پێشتر لە بواری گواستنەوەی زانیاری دەهاتنە پێش دوای ئەوەی کە قۆناغی سێیەم لە بواری گەیاندن پەرەی سەند (سەیری قۆناغەکانی گەیاندنی بێتەل بکە لە خوارەوە) کە بە تەکنەلۆژیایەکی نوێ دادەنرێ لەرووی خێرایی گواستنەوەی زانیاری بە جۆرێک خێراییەکەی گەیشتە (٢)مێگابایت لە چرکەیەکدا کە ئەمەش خێراییەکی زۆرە وبەهۆیەوە بەکارهێنەران دەتوانن لە رێگەی تۆری ئینتەرنێتەوە گوێ بیستی گۆرانی و سەیر کردنی گرتەی ڤدیۆیی ببن لە رێگەی ئامێرەکانیانەوە کە بێگومان ئەمانە پێویستیان بە خێرایی زۆر هەیە، ئەم تەکنەلۆژیایە بە ( Wideband Code Division Multiple Access) کورت کراوەکەی (W-CDMA ) دەناسرێت، بەکارخستنی ئەم تەکنەلۆژیایە بە شێوەیەکی فەرمی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ دەستی پێکرد لە زۆربەی شارە گەورەکاندا وە کۆمپانیا پێشکەوتووەکانی تایبەت بەم بوارە ئامانجیان ئەوەیە کە ئەم تەکنۆلۆژیایە سەرانسەری جیهان بگرێتەوە تا ساڵی ٢٠١٠ .

### قۆناغەکانی گەیاندنی بێتەل:

**قۆناغی یەکەم: گەیاندنی بێتەلی ئەنەلۆگ (Analog:)**

ئەم تەکنەلۆژیایە لە سەرەتای هەشتاکان تاکو ئێستاش کاری پێدەکرێت کە بە هۆی دەرچوونی (ناردنی) لەرەلەری شەپۆلی رادیۆیی بەردەوام لە ئامێرە تەلەفۆنە بێتەلەکانەوە بۆ گواستنەوەی دەنگی بەکارهێنەران کاری پێدەکرا. بە جۆرێک کە ئەو جۆرە گەیاندنە بۆ زیاتر لە ئامێرێکی تەلەفۆن (تەلەفۆنی بێتەل) بەهۆی وێستگەیەکی ناردن بەکاردەهێنرا کە هەر ئامێرێک لەرەلەرێکی جیاوازی هەبوو هەر وەک لەم وێنەیەدا پیشان دراوە کە پچران لە شریتەکان لەم وێنەیەدا هێمایە بۆ ئەوەی کە ئەو کەناڵانە بە شێوەیەکی بەردەوام بەکار نایەن.

### قۆناغی دووەم: گەیاندنی بێتەلی ژمارەیی (دیجیتاڵ-Digital:)

بەکارخستنی ئەم تەکنەلۆژیایە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان سەری



هەڵدا وە ئەم تەکنەلۆژیایە پشت دەبەستی بە گۆڕینی دەنگ بۆ سیل لە (١٩٠)بیت.

وە هەروەها لەم تەکنەلۆژیایە یەک کەناڵ بەکار دەهێنرێت بۆ چەندین بەکارهێنەر لە هەمان کاتدا کە هەڵدەستێت بە دابەشکردنی هێمای لاسلکی بۆ بەشێک لە زانیاری کە کۆدی تایبەت بەناونیشانی بەکارهێنەر بۆ ئامێرەکەی وەردەگرێت.

## قۆناغی سێیەم: گەیاندنی بێتەلی ژمارەیی شەپۆل فراوان (Digital Broad Band):

بە پەیدابوون و پەرەسەندنی ئەم قۆناغە ئەم تەکنەلۆژیایە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی کە بە هۆیەوە توانرا خێرایی گواستنەوەی زانیاری بگاتە (١٠) کیلۆ بت لە چرکەیەکدا.. وە دەشتوانرێت خێرایی گواستنەوەی زانیاری بگاتە (٤٠٠) کلۆ بت لە چرکەیەکدا. وە ئەم تەکنەلۆژایە پشت دەبەستێت بە پەرەسەندنی تۆرەکانی GSM وە لە جیاتی ئەوەی بە شێوەی کەناڵ زانیاریەکان بنێرێت ئەوا زانیاریەکان دابەش دەکات بۆ زەبر و پاشان بۆ یەکێک لە کەناڵەکان دەینێرێت. ئەم وێنەیە چۆنیەتی دابەش بوونی هێما لاسلکیەکان بۆ چەند بەشێک لە زانیاری بۆ ناردنیان بە شێوەی لەرەلەری جیاواز و کۆکردنەوەیان لە کاتی وەرگرتندا نیشاندەدات.







